www.kurdistannet.org

6-10-2006 8:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دانای ئەحمەد مەجید و دیوەخانە ملیۆن دۆلارییەکەی .. بەڕاستی خۆش ڕیفۆڕم ... دلاوەر سلێمان

Dlawar1988@yahoo.com

لەم ماوەیەدا هەفتەنامەی ئاوێنە بڵاویکردەوە، کە دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی خانوویەکی بە ناوی (دار الضیافە) لە بەکرەجۆ بە 1320000 یەك ملیۆن و دێسەد و بیست هەزار دۆلاری ئەمەریکی کڕیوە!!!

دوای ئەوەی لە هەندێ سەرچاوەی تایبەت و نزیك لە پارێزگاری سلێمانی هەندێ زانیاریم دەست کەوت، بۆ دەرکەوت کە:

1. ئەندامانیی ئەنجومەنی پارێزگا کەسیان ئاگای لە کڕینی ئەم خانووە نییە بەناوی (دار الضیافە) واتە دیوەخانی پارێزگا، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاش ئەم هەهەواڵەیان وەك خەڵك لە ڕۆژنامەی ئاوێنە خوێندۆتەوە.
2. کڕینی ئەم خانووە بەبێ ئیعلانکردن بووە، واتە بەشێوەیەکی یاسایی نەکراوە، چونکە حکومەت هەر شتێك بکڕێ یان بفرۆشێ دەبێت ئیعلانی بۆ بکات و لە ڕێگەی کەمکردنەوە یان زیاد کردنەوە بێت.
3. خانووەکە لە کادێرێکی (ی.ن.ك)ە لە بەکرەجۆ.
4. ئەگەر سەیری ئەم خانووە بکەیت، هەموو کەس دەزانێت کە ئەو نرخە نرخێکی خەیاڵییە و کەس چارەکێکی ئەو پارەیەی بێنادات، کە جەنابی موحافیز پێیداوە.
5. ئەگەر هەر دامودەزگایەکی حکومەت پێویستی ببە خانوو هەبێت، پێویستە داوای زەوی لەوەزارەت شارەوانی بکات و ئیجازە بە تەرخانکردنی بودجەیەکبۆ خانووەکە دروست بکرێت، نەك بەم شێوەیەی پارێزگار خوسەر (خانوویەکی وا!!!) بکڕێت.

خوێنەری بەڕێز بەوردی سەیری ئەو پێنج خاڵەی سەرەوە بکە و پاشان بەدیقەت بزانە دزی و گەندەڵی دانای ئەحمەد مەجید گەیشتۆتە چ ئاستێك کە بەبێ سڵەمینەوە لە هیچ شتێك هەر بە (کونفەکونێك) چون ملیۆنێك دۆلار دەخاتە تەنکەی گیرفانی ... هەر بژی کاکی ڕیفۆڕمخواز.